ئێران ...ڕووداوێکی تێقەکردن کوژراو و بریندارى لێکەوتووە

دەزگاکانی راگەیاندنی ئێران بڕاویانکردووە: ئێوارەی ئەمڕۆ لە نزیک ڕێگای کرماشان – تویسەرکان کەسێک بە چەک تێقەی بەرەو هاووڵاتیان کردووە.

ئەبباس نەجەفی، دادستانی گشتی و ئینقلابی ناوەندی پارێزگای هەمەدان ڕایگەیاند: بەداخەوە لەم ڕووداودا هاووڵاتییەک گیانی لەدەستداوە و شەشی دیکەش بریندار بوون.

وتیشی: ژمارەیەک لە بریندارەکان بارى تەندروستیان سەختە و نەشتەرگەرى پزیشکى بیان بەردەوامە.

نەجەفی دەشێت: دەستبەجێ داواکارى گشتى شارى تویسەرکان گەیشتە شوێنى ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوە بەردەوامە. ڕاشیگەیاند: دەستدرێژکارەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و تا ئێستا هەکار و پاڵنەرەکانى بە ئەو کارە نادیارە و ڕوونەبووە و هەکارەکانى تاوانەکە لێژر لێکۆڵینەوەدایە و هەر کە لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو ڕادەگەیەنرێت.